# بایۆنیوز

٣

BioNews

گۆڤارێکی رۆشنبیری زانستی و پیشەیی یە .
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان وەرزانە دەری دەکات
ژمارە (٣) سالی دووەم . تشرینی یەکەم - ٢٠٠٧

# ئافرەت توخمێکی کارایە لە پاراستنی ژینگەدا

نووسینی: م. نەشمیل سعید خضر

زانکۆی سەلاحەددین/کۆلیژی زانست/ بەشی بایۆلۆژی

دیارە گومان لەوە دا نی یە کە دەبێ سەرکەوتنی مرۆڤ بۆ سەر هەر گردێك هەنگاو بە هەنگاو بێ دەکرێ بگوترێ پێشکەوتن لە بواری پاراستنی ژینگە لە پیس بوون لەناو کۆمەڵگاکەماندا لە ڕێگەی ڕاهێنان وئامادەباش کردنی کۆمەڵگا بە گشتی وئافرەتیش بە تایبەتی یەکێکە لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی پاراستنی ژینگە.

هەڵبەت ئافرەت کە بە نیوەی کۆمەڵگا دەخەمڵێنرێ دەبێ ڕۆڵی سەرەکی وبەرچاو لە ئەستۆ بگرێ لەم بوارەدا، ئەویش لە ڕێگەی پەیڕەو کردنی بنەماکانی پەروەردەی ژینگەیی دروست وپاراستنی تاکەکانی خێزان لە زەرەر وزیانە چاوەڕوان کراوەکان کە لە ژینگەدا ڕوو دەدەن، بەمەش ڕێژەی تووش بوون بە نەخۆشیە تەندروستی ودەروونیەکان کەم دەبێتەوە. بۆیە تیشك خستنە سەر ڕۆڵی ئافرەت وبەشداری کردنی لە چالاکی وپرۆگرامەکانی پەیوەست بە ڕێنماییە ژینگەییەکان کە پێگەی خۆی دەبێ بۆ کۆنترۆل کردنی کێشەی پیس بوونی ژینگە.

هەڵبەتە گومان لەوەدا نی یە کە کێشەی پیس بوونی ژینگە یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی ئەمڕۆ کە جیهانی سێیەم پێوەی دەناڵێنی دەرەنجامی خراپ بەکارهێنان وهەڵە هەڵسوڕانی سیستمە ژینگەییەکان وبەهەند وەرنەگرتنی توخمی ژینگە لە کاتی پلان دانان بۆ بوژانەوە وگەشەسەندن، بێ گومان زۆر لەو فاکتەرانەی کە ژینگە پیس دەکەن بریتین لە نەمانی هەماهەنگی لە بە هاوڵاتی کردنی دانیشتوان وبەرفراوان بوونی کارگەکانی ناپابەند بە بنەماکانی پاراستنی ژینگە وگوێ نەدان بە ڕەهەندە ژینگەییەکان لە کاتی پلان دانان بۆ پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گەشەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی، ونەبوونی هۆشیاری ژینگەیی وهەڕەشەکردن لە سروشت، وە هەروەها نزمی ئاستی ڕۆشنبیری وتا ڕادەیەك زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری و بەتایبەتیش لە نێو ئافرەتاندا و ئافرەتی لادێش بە تایبەتی تر یەکێکی ترە لە هۆکارەکان چونکە زۆرێك لە ئافرەتان بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە بێنە ناو مەیدانی پراکتیکی بۆ گەشەپێدان چ لە لایەنی پەروەردەیی وزانستی دا وچ لە لایەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی دا، ئا لێرەدا دەکرێ ئافرەت بە بەرپرسی یەکەم دابنرێ لە زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوان کە یەکێکە لە کێشەکان.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، ڕۆڵی ئافرەت بەرز وپیرۆزتر دەبێ لە پاراستنی ژینگەدا، چونکە ئافرەتی ئەمڕۆ تا ڕادەیەك ئاستی زانستی بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتی ڕابردوو وپێ ی ناوەتە ناو زۆربەی بوارەکانی کارکردن وزەحمەتی زۆری کێشاوە وهەوڵی داوە بۆ گەیشتن بە هەموو مافەکانی وهاریکاری کردووە لە پەرەپێدان وبەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا وبەئەرك هەڵگرتنی بەرپرسایەتی فەرمی ونافەرمی، ئا بەم شێوەیە ئافرەت دەبێتە سەرکردەیەکی ڕێنمایکەر وپلان دانەر وڕاگەیانکارێکی لێهاتوو لە هەڵس وکەوت لەگەڵ ژینگە وسروشتدا بە تایبەتیش ئافرەتی لادێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاوێتەی ژینگەکەی بووە.



دەکرێ کاریگەری ئافرەت لە بواری ژینگەدا چڕ بکەینەوە لەم بوارانەی خوارەوە:

١. دروستی نەوەکان: ئافرەت یەکەم پەروەردکاری ژینگەی منداڵە، ئەو بەرپرسە لە دابین کردنی ژینگەیەکی بایۆلۆژی دروست بۆ گەشەسەندنی کۆرپەلە لە کاتی سك پڕیدا وڕەخساندنی بار ودۆخێکی لەبار بۆ گەشە کردنی توانا جەستەیی وئەقڵی وپەروەردەییەکان، لە دواییدا ئەرکی شیردان وقۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی گەشەکردن بۆ ڕێك ڕاگرتنی ئاستی دروستی منداڵ بە دارشتنی بەرنامەیەکی پوخت بۆ خۆراك وپەروەردەکردن.

٢. سەرچاوەکانی ووزە: لە چالاکی ڕۆژانەدا ئافرەت سەرچاوەی ووزە جۆرا وجۆرەکان بەکار دەهێنێ، دەکرێ لێرەدا چاودێری ورێنوێنی منداڵەکانی بکات وفێری چۆنیەتی بەکارهێنان وپارێزگاری لێکردنیان بکات.

٣. پێداویستیەکانی ڕۆژانە: بێ گومان کڕینی کەل وپەل وپێداویستیەکانی ماڵ یەکێکە لە ئەرکەکانی ئافرەت، لە مانەش پاککەرەوەکان کە بریتین لە پێکهاتەی کیمیاوی زیان بەخش، لەم نێوەندەشدا دەکرێ ڕەچاوی دروست بەکارهێنانی ئەو جۆر ماددانە بکات بۆ کەم کردنەوەی زیانەکان.

٤. کردارەکانی ڕۆژانە: ئافرەت لە ماڵەوە چاودێری کار وکردەوەکانی ناو ماڵ دەکات وەکوو پاککردنەوەی ناو ماڵ وئامادە کردنی خواردن وجل شتن ...هتد، بەمەش ژینگەیەکی ئاسوودە دروست دەبێت بۆ ئەندامانی ماڵ کە بە دڵفرازی بژین.

٥. بەکار هێنانی ئاو: هەموو دەزانین کە ئاو بنچینە وسەرچاوەی ژیانە ومرۆ ناتوانێ لە ژین بەردەوام بێ بەبێ ئاو، بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئافرەت کە بەرپرسی یەکەمە بۆ ڕێنمایی کردنی ڕێك وپێك بەکارهێنانی ئاو وبە شێوەیەکی ئابووریانە چونکە زۆرترین شت کە بەکاری بهێنی بۆ کاری ڕۆژانەی ئاوە! هەر لەبەر ئەمە پێویستە منداڵەکانی ڕابهێنی بۆ بە فیرۆ نەدان و



دروست بەکارهێنانی هەر لە گرتنەوەی شێرەکانی ئاو پاش بەکارهێنان و وچۆنیەتی ددان شتن بە برە ئاوێکی کەم نەك ڕۆیشتنی ئاو تا تەواو بوونی ئەو کردارە، هەروەها لە پاککردنەوەی ناو ماڵ وحەوش وڕێگا وچاندنی ڕووەکەکانی



جوانی کە بەرگری کەم ئاوی دەکەن...هتد. پوختە ئافرەت دەتوانێ ڕۆشنبیرانە ئەم سامانە نەتەوەییە بپارێزی وئابووریانە بەکاری بهێنی دەرەنجام دروست بوونی ئاوی زێراب (Sewage Water) کەمتر دەبێتەوە وبەمەش ژینگە



دەپارێزی لە پیس بوون وبڵاو بوونەوەی نەخۆشی وبەتای جۆر بەجۆر، لە لایەکی دیکەش پێویست ناکات ئاوی پیس پاك بکرێتەوە کە لەوانەیە خەرجی زۆری تێ بچێ.

٦. پانتایی سەوز: بێ گومان گرنگی دان بە چاندن وپاراستنی سەوزایی دەبێتە یەکێك لە ڕۆڵە گرنگەکانی ئافرەت بۆ پارستنی هەوا لە پیس بوون وبە بیابان بوون وچەندین کێشەی تر، هەروەها نەوەکانی ڕابهێنی نەك هەر بۆ کاری چاندن بەلکوو پارێزگاری لێ کردنی دار ودرەخت ودارستانەکان لە بڕینەوە وسوتاندن.

لێرەدا پێم خۆشە نموونەیەك بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی بایۆنیز کە لەوانەیە باسەکە سەرنج ڕاکێشەرتر بکات وئافرەتانی کوردەواریشمان زیاتر هان بدات بۆ چاو لێکردنی ئەو دەزگا ئافرەتیە کە لە وولاتی ئوردن هەڵساوە بە جێ بە جێ کردنی پرۆژەیەك . ئەم پرۆژەیەش بریتیە لە دامەزراندنی دارستانێکی (صفصاف) کە چوار دەوری سەنتەرێك دەدات بە ناوی سەنتەری (صفصاف) بۆ ڕاهێنانی دەروونی کە دەزگای ئوردن بۆ ڕاهێنانی دەروونی بەڕێوەی دەبات. ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە ناوچەیەك کە ناسراوە بە هەبوونی هەمە جۆری زیندەکی (Biodiversity)، لەوێدا ئەم ئافرەتە بەڕێزانە هەڵساون بە چاندنی دار ودرەختێکی زۆر بۆ ئەوەی لە ڕووی ژینگەییەوە ببێ شوێنێکی گونجاو ولە بار دوور لە تەنگ وچەڵەمە کۆمەلایەتیەکان بۆ ئەو کەسانەی کە بە دەست نەخۆشی دەروونی دەناڵێنن. ئەم سەنتەرە لە کۆتاکانی ساڵی ٢٠٠٢ خزمەتەکانی پێشکەش کردووە بۆ مەشق کردن وچاودێری کردنی ژمارەیەکی زۆر لەو نەخۆشانە، بەمەش ئەم سەنتەرە بۆتە نموونەیەکی

تەواوکاری لە نێوان پێداویستیە کۆمەلآیەتیەکان وچاکسازی ژینگەیی وپاراستنی هەمەجۆری زیندەکی و ڕووپۆشی ڕووەکی لە ناوچەکە. هەر لەم سەنتەرەشدا هەولێکی زۆر دەدری بۆ ئامۆژگاری کردن وبلاو کردنەوەی ڕێنماییە ژینگەیی وکۆمەلآیەتیەکان.

لە کوردستانی ئازیزیشمان یەکێك لە موژدە دلخۆشکەرەکانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە بوو، هەڵبەتە دەبێتە موژدەیەکی خۆشتر ئەگەر وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەل ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کار بکات بۆ زیاتر پەرە پێدانی هۆشیاری ورێنمایی ژینگەیی لە ڕێگەی ئافرەتانەوە بە تایبەتیش کە ئافرەتان نیوە بگرە زیاتری کۆمەلگا پێك دێنن

ئەگەرچی ئافرەتانی ئەم سەردەمە زۆرێك لە مافەکانیان بە دەست هێناوە بەلآم لە مەیدانی هۆشیاری ژینگەیی تا ئیستا ئەسپی خۆی تاو نەداوە وخۆی پڕ چەك نەکردووە کە بەشێوەیەکی ڕێك وپێك دەور بگێری وەك سەرکردەیەك بۆ ژینگە پارێزی، بێ گومان ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئەو بوێرانە کاربکات بۆ چارەسەر کردنی زۆرێك لە گرفتەکانی کۆمەلگا وژینگە وەکوو زۆری ڕێژەی دانیشتوان ونەهێشتنی کەم دەرامەتی وبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وگرنگی دان بە بواری پەروەردە وفێرکردن ئەمەو جگە لە پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکان وسامانی نەتەوەیی کە ئاوە، ئا بەم شێوازە ئافرەت ڕۆلی کارای خۆی دەگێری بۆ وەدی هێنانی گەشەسەندنی بەردەوام.

